# چۆن دڵت هات جێم بهێڵی؟

# چۆن دڵت هات جێم بهێڵی؟

حەمەسەعید حەسەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەمەسەعید حەسەن
چۆن دڵت هات جێم بهێڵی؟ - شیعر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥٥
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧٧ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## هونەری شیعرنووسین

گوڵ هەر ئەو کاتانە جوانە
کە بە سینگی ژنەوەیە،
قەڵەمیش هەر ئەو وەختانەی
کە بە دەستی منەوەیە.

بۆ ئەوەی بەرهەمت لەم نەوەوە، بگاتە دەست ئەو نەوە، دەبێت خاوەنی شێوازێکی تایبەتی بیت. ئەگەر هەمیشە وێنەی بازنە بە پەرگاڵ و چوارگۆشە بە ڕاستە بکێشیت، تا ماویت هەر کۆیلە دەبیت، نابێت هیچ کلێشەیەک ڕەچاو بکەیت، ئەگەر دوای شاعیرێکی ناودار بکەویت، هەمیشە لە دواوە دەمێنیتەوە، ئەگەر حەرام لە ئەدەبدا هەبێت، ئەوەیە دوای ئەم و ئەو بکەویت.

گەر بخوازیت لە ئەدەبی کلاسیکەوە، فێری نووسینی شیعر ببیت، وەک ئەوە وایە، بە هۆی دەسکەتەورێکەوە، وێنەی دەسکەتەورێک بکێشیت. شاعیر با بە چاوی ڕێزیشەوە سەرنجی ڕێسا دێرینەکان و یاساکانی نووسین بدات، وەلێ هەمیشە خەیاڵی لای نوێکردنەوەی شیعرە. شاعیر لە پێناوی داهێنانی دەنگدا، لە دەرگای بێدەنگی دەدات و لە پێناوی بنیاتناندا، هانا بۆ ڕووخاندن دەبات. شاعیر بە هۆی نووسینی بەردەوامەوە، دەرک بە هەڵە و خەوشی شیعری خۆی دەکات، چاوەڕێی ئەوە نابێت، ئەم و ئەو هەڵە و خەوشی دەستنیشان بکەن.

کە پەخشان دەنووسیت، وەک ئەوە وایە، خەریکی لێنانی برنج بیت، وەلێ کە شیعر دەنووسیت، وەک ئەوە وایە، لە برنج، شەراب چێ بکەیت. برنج بە لێنان شێوەکەی ناگۆڕێت، وەلێ کە دەکرێت بە شەراب، هەم شێوەکەی

دەگۆڕێت و هەم خەسڵەتەکانیشی. چێشتی برنج ئینسان تێر دەکات، وەلێ شەرابی برنج، ئینسان مەست دەکات، دڵشاد، خەمگین و خەمگینیش دڵشاد دەکات.

وێنەکێشی چاک، وێنەی ڕۆح دەکێشێت، نەک ڕوو، شاعیری چاکیش بیرێک پێشکەش دەکات، بێ ئەوەی ناوی بهێنێت. ئەگەر ئەو وێنەیەی کێشاوتە، تەواو لەو شتە دەچێت کە مەبەستتە، ئەوە لێکدانەوەت وەک هی منداڵ وایە بۆ وێنە. ئەوە ئاسانە وێنەی دوو چاوی ماندوو بکێشیت، ئەوە سەختە، ئازاری ناخ بخەیتە ڕوو.

ئەگەر شاعیر ڕۆحی دەوڵەمەند بێت، زێڕیش لە کنی هیچ بەهایەکی نییە. شاعیر ئەگەر ڕوون و ئاشکرا بێت، باشترە لەوەی خۆی سەخت و ئاڵۆز نیشان بدات، ئاخر زۆر جار وشەی سووک، هەڵگری مانای قورسە. شاعیر ئەگەر سەیر و سەرسووڕهێن بێت، باشترە لەوەی ئاسایی و ڕووکەش بێت.

هەرچەندە هیچ هێزێک ناتوانێت، گوڵ لە وەرین، ڕزگار بکات، وەلێ شیعر کە تۆڕێکی ڕووناکە لە سۆز، دەتوانێت ڕژێم لە هەرەس، شۆڕش لە نسکۆ، لەشکر لە تێکشکان و ئینسان لە مردن قوتار بکات. لە هەموو ڕستەیەکی شیعریدا، وشەیەکی ئەفسووناوی هەیە کە جوانی بە ڕستە دەبەخشێت: (دڵۆپەی باران، دەنووک لە گەڵای داران دەدات). ئەو وشەیەی دێرە شیعرەکەی جوان کردووە، دەنووکە، ئەگەر لەبری ئەو وشەیە، هەر وشەیەکی دیکە دابنێیت، وەک ئەوە وایە، زێڕت بە زبڵ گۆڕیبێتەوە.

ڕەخنەگر ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە و لەبەر ڕۆشنایی کام ڕێبازی ڕەخنەییدا دەنووسێت، بەڵام دەبێت، سەرنجی خوێنەر بۆ لایەنە جوانەکان، پەیام و کرۆکی شیعرەکە ڕابکێشێت و ئەوە دەستنیشان بکات، کە فلان شاعیر چی تازەی داهێناوە. وەک چۆن ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیرە، یارمەتیمان بدات، باشتر لە دنیا تێبگەین، هەر وایش ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە، کارێک بکات، جوانتر لە شیعر تێبگەین.

دزینی شیعر، جۆری زۆره، هەیە وشەکان دەدزێت، هەیە بیرۆکەکە دەدزێت، هەیە وشەکان و بیرۆکەکەش دەگۆڕێت، وەلێ شیعرەکە هەر دەدزێت، هەیە پێی وایە: شاعیر ئازادە چۆن دەدزێت و هیچ ڕەخنەگرێکیش مافی ئەوەی نییە، لە قافدا بیگرێت.

شاعیری چاک، نابێتە کۆیلەی کێش و پاشبەند، بەدوای ڕێسادا ناگەڕێت، ئاخر ئەگەر وای کرد، خودی خۆی لە دەست دەدات، تەنیا کاتێک کێش و سەروا ڕەچاو دەکات کە نەک هەر هیچ زیانیان بۆ مانا نەبێت، بەڵکوو جوانتریشی بکەن. سەروا لای شاعیری چاک، وشەیەک نییە، تەنیا لەبەر پێویستیی هەبوونی سەروا، داوەت کرابێت، وشەیەکە فەرامۆشکردنی مەحاڵە و دێڕە شیعرەکەی جوانتر کردووە. ئەوی لەبەر ڕاگرتنی سەروا هانا بۆ وشەی ئێسکگران دەبات، شاعیر نییە.

عەزرا پاوەند دەڵێت: (لایەنی هاوبەشی هەموو شاعیرە نەمرەکان ئەوەیە، پێویستیان بەوە نییە، بەرهەمیان لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا بخوێنرێت، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە. با کتێبەکانیان لە کتێبخانەکانیشدا تۆزیان لێ بنیشێت، وەلێ هێندە نابات، خوێنەری وا پەیدا دەبێت، بێ ئەوەی چاوەڕێی دەستخۆشانە بکات، شیعریان دەداتە بەر تاقگەی ڕووناکی.)

(١) فن الكتابة ، تعاليم الشعراء الصينيين، توني بارنستون و تشاو بينغ، ت: د. عابد اسماعيل، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠٠٤ بغداد.

(٢) عبدة وازن، حوار مع أدونيس، ٢٢ و ٢٣ مارس ٢٠١٠ الحياة.

## زەبری ئەوین

بە زەبری
ئەوینت،
تەمەنم
بیست ساڵ و
قورساییم بیست کیلۆ دابەزی،
باڵام دە سانتیم و
تەلاری بەختیاریم دە مەتر هەڵکشا.

بە زەبری ئەوینت،
باخی گوڵ بەرینتر،
جریوەی باڵندە خۆشترە،
دیمەنی خۆرنشین دڵگیرتر،
ئەستێرە گەشترە.

به زەبری ئەوینت،
ڕەوانم بە لاوک ئاشناتر،
ویژدانم بە حەیران دۆستتره،
بە زەبری ئەوینت
بەرچاوم ڕۆشنتر،
دەروونم گوشادتر،
قەڵەمم ئازادتر،
بارانی هۆنراوەم بەخوڕتر.
ژیانم جوانتره.

٥/ ٣ /٢٠٠٢

## گوێ لەئامۆژگاری مەگرە!

بۆ وڵاتێ مەگەڕێوە
کەسێکی تێدا نەمابێ
لە نزیکەوە بتناسێ.
چونکە هێشتا دەژیت، هەقە،
هیچ گلەیی
لەبەختی کەچی خۆت نەکەیت.

چونکە هیچی وا شک نابەی
بترسی لەکیست بچێ،
لەباڵندە ئازادتری.

چونکە دەفتەری ژیانت
ڕووپەڵێکی گەشی تیایە
هیچ ترست لەمردن نەبێ.

بە سەر کەسدا سەر مەکەوە!
بە سەر خودی خۆتا زاڵ بە!
پەیکەری خۆت بڕووخێنە!

جادووگەرێکی وەهابە،
لەقوڕی پەیڤ،
زێڕی شیعر بخوڵقێنە!
شیعرێ ڕۆح بێنێتە سەما.

برۆ لەسەر لوتکە بژی،
ژیان لەوە مەزنترە
لەپێناوی بژێویدا
بەفیڕۆی دەی.

لێ نەگەڕێی
جڵەوی ئەسپی ژیانت
بە دەست کەسی دیکەوەبێ.

بۆ ئەوەی شتی نوێ بڵێی،
گوێ لە ئامۆژگاری مەگرە!

ئەگەر توانای ئەوەت نەما
هەست و سۆزی پاکژی خۆت،
لەچوارچێوەی باڵاترین زمان بگری،
دەستبەرداری نووسین ببە!

خۆکوشتن هەر ئەوە نییە،
بەگوللەیە
دوایی بەژیان بهێنی،
ئەوەیشە هیچت پێ نەبێ و
هەر بنووسی.

گەر بەچاوی کەسێکی دی
سەیری باڵای دنیا دەکەی،
لافی ئەوە لێ مەدە تۆ،
دنیا لەو جوانتر دەبینی.

ئەگەر لەسەر
شانی کەسێکی ترەوە
سەرنجی دەوروبەر دەدەی،
پێت وا نەبێت
تۆ لە ئەو دوورتر دەبینی.

گەر دەتەوێ دەنگت نەمرێ،
برۆ بەرۆح بەستە بڵێ!
نەک بە گەروو.

بۆ ئەوەی هەمیشە موزیک
لە شیعرەکانت بچۆڕێ
هەوڵ بدە
منداڵەکەی ماڵی ناخت
گەورە نەبێ.

هەتا ڕۆحت
چرایەکی داگیرساو بێ،
ترست لە تاریکیی نەبێ.

ئەگەر گیڤارات خۆش دەوێ،
لەکوێ چەوسانەوە هەبوو
ئەوێ بکە بە زێدی خۆت.

برۆ گومان بورووژێنه،
هیچ هەقی یەقینت نەبێ،
هەر نهێنی بدرکێنه،
هیچ هەقی ئاشکرات نەبێ.
هەر دوودڵ به،
باسی دڵنیایی مەکە!
باسی داری سەرئاوکەوتوو بۆ کەس مەکە،
وێنەی گابەردێ بکێشه،
گەر سەر ئاو کەوت.

کە هاوژینێ
هێندە گران پەیدا ببێ،
پەیداکردنی هاومەرگێ،
لە مەحاڵیش ئەستەمترە.

پەیڤەکانت
ئەگەر لە دڵی خۆتەوەهەڵنەقوڵێن،
بەئومێدی ئەوە مەبە،
لەدڵی کەسانی ترا جێگیر بن.

زمانێ بدۆزەوە، نوێ،
زمانێ کەلەزمانی هیچ کەس نەچێ،
(زمان شتێ نییەبچی
لەزانستگەفێری ببی،
دەشێ لە کارگەیەکدا یان کێڵگەکداتووشی ببی.)

ئەگەر کەسێکت خۆش ناوێ،
ئەگەر کەسێ ژیانی داگیر نەکردووی،
شیعر مەڵێ!
ئاخر ئەوی عاشق نەبێ،
ناتوانێ ببێت بەشاعیر.

گەر بزانی شیعر چییە،
ئەوەش دەزانی نووسینی شیعری تازە،
گرانترە لە هی دێرین.

ملی هیچ ڕێگەیەک مەگرە!
ڕێیەکی نوێ بدۆزەوە!
خۆت بەدەمی هیچ شەپۆلێکەوە مەدە!
سواری ئەسپی شەپۆلێ بە!

پێت وا نەبێ
خودا فەرامۆشی کردووی،
نا، جوانترین غەزەبی لەتۆ گرتووە،
ئەوە نییە تۆی بۆ شیعر خوڵقاندووە.

٢٠٠٨/٨/٢٠

## پەیامێکی ئاگرین

کە زەنگێکم بۆ لێ دەدەی
لە خۆشیدا شایی دەکەم،
هەر بە بیستنی دەنگی تۆ
هەست بە دڵنیایی دەکەم.

ئای چەن تامەزرۆم بۆ ئەوەی
دەستێ بکەمە گەردنت،
وەختە ئاگرم تێ بەربێ
بۆ ماچی لێوی گۆشتنت.

شەو لە خەوما تا بەیانی
لەسەر سینگم پاڵ کەوتبووی،
کە سەیری سیماتم دەکرد
لە فریشتەی نوستوو دەچووی.

تا کەی هەر بە خەو بتبینم؟
تا کەی شیعرت پیا هەڵبدەم ؟
گیانە وەرە با کەڕەتێ
بە ڕاستی ماچێکت بکەم!

٢٤/ ٠١/ ٢٠٠٩

## ئەوینێکی خودایی

پێش ئەوەی، بتبینم، لە خەوما، تۆم دیبوو
دەمێبوو، شێوەتم، بە خەیاڵ، ناسیبوو.

لە مێژبوو، چاوانم، دەگێڕا، بۆ کچێ
ڕووخساری، لە سیمای، شیرینی، تۆ بچێ.

کچی جوان، ئەی بووکی، ناو خەون و، خەیاڵم
عومرێکی، تەواوە، لە دووی تۆ، عەوداڵم.

تۆ نەبای، عومری من، بە فیڕۆ، دەڕۆیی
مردنم، خۆشتربوو، لە ژینی، بێ تۆیی.

٢٢/ ٠١/ ٢٠٠٩

## ئەوەندەی ژمارەی شەونم

(ئەوەندەی ژمارەی حەرفی
ناوی عاشقانی دنیا،
خۆشم دەوێی.)(*)
ئەوەندەی ژمارەی گەرای
ماسیی گۆم و چەم و زەریا،
خۆشم دەوێی.

هێندەی ژمارەی شەونم و
دەنکەلم و
نمەی باران،
خۆشم دەوێی.
ئەوەندەی ژمارەی چڵ و
پەڕەی گوڵ و
گەڵای داران،
خۆشم دەوێی.

بەغیلی بە هەتاو دەبەم
کە بە تیرۆژی زێڕینی
داتدەپۆشێ،
بە ئەستێرەیش
کە لە چاوە گەشەکانت
پێک دەنۆشێ.

دڵم لە مانگیش پاک نییە
کە بە تریفەی زیوینی
دەتدوێنێ،
لە شەماڵیش بەدگومانم
کە جار جار قژت دادێنێ.

(گوێم پێش چاوم شەیدات بووە،)(**)
لەو ساتەوەی
یەکەم چرپەتم بیستووە،
خۆشویستنێ خۆشم دەوێی،
نە مەم هێندە خاتوو زینی،
نە فەرهاد هێندە شیرینی،
خۆش ویستووە.

منێ کە زەنگۆڵەی دڵم
هەر بۆ عیشقی تۆ لێ بدا،
منێ کە هەر تیشکی چاوت
ئومێدی ژینم پێ بدا،
منێ کە هەر یەکەم بینین
لە عەرشی ئەوینی تۆدا
نووشتامەوە،
گەر دڵ ئاوێنەی دڵ بووایە
دەهاتی بە هانامەوە.

٢٠٠٦/١٢/٣١

پەراوێزەکان:
(*) گۆرانیی (قد الحروف)ی أصاله کە تێکستەکەی (أمیر عبدالمجید) نووسیویەتی.
(**) والأذن تعشق قبل العین أحیانا. (بشار بن برد)

## قەدەر

هێندە شەیدای تۆم، هێندە شێتی تۆم،
خۆشترم دەوێی لە ژیانی خۆم
هێندەم خۆش دەوێی، هەر چی شک دەبەم
بە قوربانی یەک، چرپەی تۆی دەکەم.

دەزانم دەژیم، لەناو خەیاڵدا
خەریکی شەڕم، لەگەڵ مەحاڵدا
وەک چۆن کۆتاییی ژیان مردنە
خۆشەویستیی تۆیش، قەدەری منە،

به ئەوینەوە، ژیان شیرینە،
عومری بێ ئەوین، خەم و ئەسرینە،
ئەوین جوانترین (دابی گێتییە)
لایەنی جوانی ئەوین، شێتییە.

٢٠٠٦

داب: نەریت.
گێتی: دنیا.

## بۆ ژنێکی لەچکدار

تەنیا لە ئامێزی تۆدا
پشوو دەدا
جەستەی شل و شەکەتی من،
تەنیا بە بای هەناسەی تۆ،
بە با دەچێ
تەمی خەم و خەفەتی من،
نوێنی مردن
با لە تووکی (قوو)یش بێ، زبرە،

پێش ئەوەی گەڵای ژیانم هەڵبوەرێ،
وەرە ماچێکم بدەرێ!
مەڵێ کوفرە!
سبەی دەمرم،
ویژدانت ئازارت دەدا،
ئەوسا دەڵێی:
بریا ماچێکم دابایە بەو شاعیرە.

٢٠٠٨/١٢/٢٦

## چۆن دڵت هات؟

چۆن دڵت هات جێم بهێڵی
من کێم هەبوو لە تۆ زیاتر؟
لە دووریی تۆ وا هەست دەکەم
کەس نییە لە من تەنیاتر.

ئەوەندە بۆ من پێویست بووی
وەک هەناسەم، وەکوو گیانم،
لەوساکەوە بەجێت هێشتووم
بەهای نەماوە ژیانم.

خۆ من هەستم بەرانبەرت
وەکوو کڵپەی ئاگر وابوو،
خۆ من چی سۆزم شک دەبرد،
هەموویم هەر بە تۆ دابوو.

وەک ساوا چۆن هەر ئامێزی
گەرمی دایکی خۆی پێ خۆشە،
ڕۆحی داگیرساوی منیش
تەنیا بۆ تۆ بە پەرۆشە.

چۆن دڵت هات جێم بهێڵی
من کێم هەبوو لە تۆ زیاتر؟
ئێستا بێ تۆ کەسێ نییە
بەختی لە هی من سییاتر.

٢٠٠٨/١١/١٧

## سۆزی ئاو

پێویستم
بە وشەی/ شیرینی/ ئێوەیە.
پێویستم
بە شنەی/ ئەوینی/ ئێوەیە

ئەوینی ئێوە بوو،
ژیانی پێ بەخشیم
بە باڵی ئێوە بوو،
بڵند و دوور فڕیم.

ئەوەندەم/ بە قووڵیی/ خۆش دەوێن
دەمرم گەر/ ئێوە لێم/ بڕەنجێن.

بە زەبری ئەوینی ئێوەیە،
گەشاوەم
ئەگەر نا،
مۆمێکی کوژاوەم.

من زادەی فرمێسک و ئاگرم
من بەرگەی دژواریی ژین دەگرم،
بەڵام وەک چۆن ماسی
بێ سۆزی ئاو ناژی،
منیش قەت بێ ئێوە هەڵناکەم
ئەی خەڵکی بەوەفای
وڵاتە جوانەکەم.

٢٠١٠ /٠٩ /٠٣

## نهێنیی ئەوین

من ئەگەر بڵێم، ئەوم خۆش ناوێ
لەگەڵ ئەویندا ، درۆم کردووە،
بڵێم لەمێژە، دڵم لایەتی،
نهێنیی عیشقی، خۆم درکاندووە.(*)

پەپوولە بە گڕ، چۆن فریو دەخوا
چاوانی، منیان وا فریو داوە،
دڵم بە نووری ڕووخساری گەشی
پەپوولەیەکی، هەڵکوڕووزاوە.

بۆ ئەوەی سیس بێ، گوڵی ئەوینمان
ساڵێکی تەواو گوێی خۆم لێ خەواند،
دڵۆپێ ئاوم نەکردە بنی
کەچی هەر گەش و پاراو دەینواند.

٢٠٠٩/٢/٢٢

(*) باروودی.

## شارێکی چۆڵ

ئەوە تاریکەشەوە،
یان قژی ڕەشی تۆیە؟
ئەوە مانگی چواردەیە،
یان سیمای گەشی تۆیە؟

ئەوە پرشنگی خۆرە،
یان تیشکی چاوی تۆیە؟
ئەوە پەڕەی گوڵە یان
کوڵمی سوورباوی تۆیە؟

ئەوە سەرچاوەی ژینە،
یان کانیاوی دەمی تۆ؟
ئەوە مەلی ئەوینە،
یان کۆتری مەمی تۆ؟

ئەوینم مەزنترە
لە زنجیرەیە چیا،
ڕۆشنترە لە هەتاو،
بەرینترە لە زەریا.

من ئەوەندە پێویستم
بە سۆزی گەرمی تۆیە،
ڕۆژێ دەنگت نەبیستم
دنیای بەرین، گڵکۆیە.

کە تۆ دەڕۆی ئەم شارە
لە بیابان چۆڵترە،
لە خۆم دەپرسم ئاخۆ
کەس لە من کڵۆڵترە؟

## بێجگە لە تۆ

چونکە ژن ئایندەی پیاوە،
ئەوە بۆیە پیاو چارەنووسی خۆی
لە چاوی ژندا دەبینێت.

کە خەم تەنگم پێ هەڵدەچنێ
بێجگە لە تۆ نییە ژنێ
لەنێو جۆلانەی سۆزیدا
کۆرپەی دڵم ڕابژەنێ.

که تەمومژی تەنیایی
لە چوار لاوە دەورم دەگرێ،
بێجگە لە تۆ کەسێ نییە
گوێ لە ڕازەکانم بگرێ.

من نازانم چەند ساڵ دەژیم
من نازانم بە چی دەمرم،
بەڵام لەوە بێ گومانم
بەرگەی دووریی تۆ ناگرم.

نیشتمان گەر تۆی تیا نەبی
لە من وایە تاراوگەیە،
بە هۆی تۆوە داهاتووی من
بەم خاکەوە وابەستەیە.

لەم جیهانە بەرینەدا
بێجگە لە تۆ کەس شک نابەم،
بێ تۆ نە ژین مانای هەیە
نە هەست بە بوونی خۆم دەکەم.

بێ تۆ ئەوەندە غەریبم
هێندە پەراوێزخراوم،
وا هەست دەکەم منداڵێکی
کەسوکار ئەنفالکراوم.

کە تەواو بێ هیوا دەبم
هەر تۆی بە هانامەوە دێی،
هەر تۆی ورەم پێ دەبەخشی
بۆیە ئەوەندەم خۆش دەوێی.

٢٠٠٧/١١/١٧

## ژووانێک لە خەوندا

١

ڕاوەستە!
با قووڵتر، لە سیمات، ڕامێنم،
کێ دەڵێ، تاکوو تۆ، دێیتەوە،
دەمێنم!

٢

من دەمرم و

ڕازی ئەم عیشقەی نێوانمان،

لای هیچ کەسێ نادرکێنم،

من دەمرم و

بە ئەسپی هەورێکی سپی،

بەرەو بەهەشت

دەترِفێنم.

٣

له من وابوو
گەر توند له ئامێزت بگرم،
كوڵوكۆی دڵ خامۆش دەبێ،
نەمدەزانی ئەوینی تۆ
ئاگرێكه،
هەتا دێ هەر بە جۆش دەبێ.

٤

هەتا بژیم، هاوار دەکەم:

خۆشم دەوێی،

کە مردیشم، باکم نییە،

ئەی یاری من!

ئاخر ئەوسا هەموو دنیا،

لێوانلێوە

لە زایەڵەی هاواری من.

٥

بێ گومانم
ڕۆژێ ئەوینت دەمکوژێ،
بێجگە لە من،
بڵێی کەسی دی هەبووبێ،
بکوژی خۆی، خۆش ویستبێ؟
ڕەنگە یەکەم قوربانی بم،
شەیدای جەللادەکەی بووبێ.

٦

هەر تۆ خۆشەویستی منی،

لە گۆشەنیگای منەوە،

هەر تۆ ژنی،

٧

ئەگەر یەکێکت خۆش بوێ،
وا هەست دەکەی،
جوانترین کەسی دنیایە،
وا دەزانی،
هەر چی جوانیی دنیا هەیە،
لە ئەودایە.

٨

ئەوە ئازایەتی نەبوو
کە دڵی منت بە دیل گرت
ئەی کچی جوان!
ئاخر دڵی من یەکێ بوو،
تیری چاوانی تۆ، سەدان.

٩

که یەکەم جار

ڕووخساری گەشی تۆم بینی،

گوتم دنیا ئاخر بووە،

ئەوە نییە،

مانگ ئاسمانی جێ هێشتووە!

١٠

نازانم، ژمارەی، ئەستێرە، زیاترە،
یان هی ئەو دڵدارە شێتانەی
وەکوو من،
هەمیشە
بە دەستی عیشقەوە دەناڵن؟

١١

تاقە شانازیم ئەوە بوو
دەمگوت بەرزە لوتکەی شکۆم،
ئەوینت زەلیلی کردم،
سالآنێکە ملکەچی تۆم.

١٢

که جاروبار،
پێم دەڵێی شێت،
هێندە لەسەر زارت خۆشە،
تۆزقاڵێ زویر نابم لێت.

١٣

بەوە کۆتایی، بە ژینم نایە

کۆتری گیانم،

هێلانەی لەشم، بەجێ بهێڵێ

من بەوە دەمرم،

پەپوولەی ئەوین،

ڕۆحی سەرکەشم، بەجێ بهێڵێ.

١٤

چونکە بێ مەی
سەرخۆش دەبین،
کەواتە ئێمە عاشقین.



حەمەسەعید حەسەن (٥)

١٥

ئەگەر دوو دڵم شک دەبرد،
یەکێکیانم بۆ عیشقی تۆ
تەرخان دەکرد،
ئەوی تریان،
بۆ خۆشویستنی نیشتمان،
بەڵام چونکە
هەر تاقە دڵێ شک دەبەم،
دەیدەم بە تۆ
ئەی شاجوانی وڵاتەکەم.

١٦

هەموو ڕۆژێ
لە دووریی تۆ، دەناڵێنم،
هەموو شەوێ
بە ئومێدی دیداری تۆ،
دەست لە ملی
شازنی خەو دەئاڵێنم.

١٧

کاتێ خەو، بە تۆوە، دەبینم،
پێم وایە، بە خەیاڵ، لە لاتم،
هەر کاتێ، بە خەیاڵ، بێمە لات،
پێم وایە، دیسان خەو
بە تۆوە، دەبینم.

١٨

شتێ نییە
لەوە بە گیانی من خۆشتر
کە پێم دەڵێی بەساقەت بم،
بێستوونت بۆ کوناودەر کەم،
خۆشەویستیت،
ناهێڵێ تاوێ شەکەت بم.

٢٠١٠/٩/١٢

# پشکۆی ژەنگگرتوو

١

مەگەر لە دنیای خەوندا
هیوای شاعیران بەدی بێ،
کۆتاییی شاد
مەگەر لە چیرۆکدا هەبێ،
هەمیشە هەق لای هێز بووە،
مەگەر لە دەشتی خەیاڵدا،
هێز لای هەق بێ.

٢

ئێـمە گەلێ کەس دەناسـین،
مەگەر تەنیا ئەوانەیان
کە تۆوی ئەوین دەچێنن،
شیعرێکی جوان لە یادماندا
جێ بهێڵن،
ئاخر دڵیش ئەگەر هێلانەی کینە بێ،
بۆگەن دەکا.

٣

له شه‌ڕی نێوان

ڕۆح و مادده‌دا،

شاعیر سه‌نگه‌ری، ڕۆح هه‌ڵده‌بژێرێ،

ئاخر هۆنراوه

وه‌ک ته‌یکردنی، زه‌ریای ڕۆح وایه‌،

ئاخر لای شاعیر، ترۆپکی خۆشی

وه‌ختێکه دوو ڕۆح،

ده‌گه‌ن به یه‌کدی.

٤

دەردی من خەمی، جودایی نییە
ناڵەی من زادەی، تەنیایی نییە،
بۆ ڕاگرتنی، خود بە پاکژی
شاعیر ناچارە، بە تەنیا بژی.

٢٠٠٩/١٠/١٢

## شەرابی ئەوین

١

چونکە لەژێر

بارانی بیرەوەریتا

ڕاوەستاوم،

بۆیە هێشتا

بە بڵێسەی گڕی دووریت

نەسووتاوم.

٢

به شەرابی ئەوینی تۆ
هێندە مەستم،
بڕوا نەکەی
ئەگەر گوتیان
خۆشی دەوێی،
خۆشم ناوێی
دەتپەرستم.

٣

سوێند بە خوای گەورە و

دلۆڤان دەخۆم،

خاوەنی هەموو

زێڕی دنیاش بم،

هێشتا موحتاجی

خۆشەویستیی تۆم.

٤

ئەوینی تۆ وای کردووە
شەیدای ژین بم،
ڕووی گەشی تۆ وای کردووە
ڕۆشنبین بم.

٦

لەوەی گەڕێ

من چەندساڵم،

بە زەبری ئەفسوونی عیشقت

هەتا هەتایە منداڵم.

٧

نە من هیچ تاوانم هەیە،
نە تۆ هەڵە،
ئەو یاسایەی من و تۆ پێ سزا دراین،
یاسای دژواری جەنگەڵە.

٢٠٠٦/١٢/١٧

## دەسەڵاتی ئەوین

١

باشترین ڕێ

بۆ شوکری خودای دلۆڤان،

ئەوەیە یەکمان خۆش بوێ،

بە دڵ و گیان.(*)

٢

خۆشەویستی بارانێکە،
ڕک و کینە دەشواتەوە.
<u>کلیلێکە</u>
دەرگەی بەهەشت،
بە ڕووماندا دەکاتەوە،

٣

زستان، بەفر و

بەهار، گوڵ و

هاوین، خۆر و

پاییز، گەڵای پێشکەش دەکا

منیش عومرم،

بەو ڕووگەشەی، بێ ئەو ژیان

لە ڕۆژگارێکی ڕەش دەکا.

٤

تەمەنی من پڕبوو لە هیچ،
بریتیبوو لە بۆشایی،
ژیانی من،
لەو کاتەوە دەستی پێ کرد
کە ئەوینی لە ناخمدا
تەلارێکی بۆ خۆی چێ کرد.

٥

شەوێ نییە
نەبێ بە میوانی خەوم،
هەر چی خۆشی ژیان هەیە،
ناگاتە ئەو چرکەساتەی
لەگەڵ ئەوم.

٦

گەر ئەوینی ئەو نەبووایە
زۆر بێ مانا دەبوو ژینم،
بە چەشنێ داگیری کردووم،
بە بێدارییش
هەر خەونی پێوە دەبینم.

٧

له خودا دەپاڕێمەوە

له ئامێزی

سۆزی ئەو بێ بەشم نەکا،

هەرگیز تووشی ڕۆژێکی وا

ڕەشم نەکا.

٨

دڵم نایە
تێر سەیری کەم
دەڵێم نەوەک گڕی عیشقم
برژانگێکی بسووتێنێ،
ئاخر تاقە مژۆڵێکی
لای من هەموو دنیا دێنێ.

٩

ئەوین لە کن من ئەوەیە،
ئەو بە دیاریی خوا بزانم،
کەی بخوازێ،
بە قوربانی بکەم گیانم،
داوای ئەستێرەم لێ بکا،
بۆی دابگرم،
لە ڕێی هێنانەدی هیوای
ئەوا بمرم.

١٠

هیچ گومانت لەوە نەبێ

تۆ دوا وێسگەی عومری منی،

باوەڕم بە ئیلهام نییە،

تۆ هەوێنی شیعری منی.

١١

خەمی گەورەی من ئەوەیە
حەزم لە ژنێ کردووە،
دڵی خۆی پێ نەبەخشیوم،
بەڵام هی منی بردووە.

١٢

که دەزانی، هێندە زۆرم،
خۆش دەوێی،
ئیدی بۆچی، بۆ برینم،
دەڵێی خوێی؟

١٣

که هەواڵی
زیزبوونی دڵی تۆم ژنەوت،
دڵم وەک مەلێکی لێ هات،
کاتێ بە دەم فڕینەوە،
خۆی لە پەنجەرەیە بدات،
دەمگوت هاکا لە لێدان کەوت.

١٤

خۆشەویستی ئەوە نییە،
ڕۆژ ڕامووسانی هەوایی،
شەو کورتەنامە بنێرم،
ئەوەیە کە بڵێی وەرە
بۆ جێژووانێ،
ئەگەر مەرگیشی تێدابێ،
بێم، بوێرم.

١٥

به هۆی عیشقی، پاکی تۆوه
شەیدای چاوی ڕەشی حەرف و
باڵای خامە و
پەڕەی سپیم،
گڕی عیشقی، تۆ نەبووایە،
هیچ دەسەڵاتێکی دیکە،
شیعرێکی پێ، نەدەنووسیم.

١٦

شتێ شک نابەین، دڵی پێ خۆش کەین،
وەرە با بڕۆین، تێر شەراب نۆش کەین!
ئەگەر پێت وایە، شەراب حەرامە
پێم بڵێ بە چی، خەم فەرامۆش کەین؟

٢٠١٠/١٠/١٦

(*) ئیبن سینا.
خامە: قەڵەم.
ڕامووسان: ماچ.
ژنەوت: گوێ لێ بوو.
کورتەنامە: ئێس ئێم ئێس.
مژۆڵ: برژانگ.

## بەعسی

دوێنێ شەو
لە خەوما مردبووم،
لە بەردەم بارەگای یەزداندا،
بە ترس و لەرزەوە،
بێ ئومێد،
چاوەڕێی پسوولەی دۆزەخ بووم،
ئەو کاتەی نۆرەم هات،
خوا فەرمووی:
لەبەر چی ئەوەندە دەترسی؟
بەهەشتە جێی کەسێ،
لە سایەی دۆزەخی بەعسدا ژیابێ و
نەبووبێ بە بەعسی.

## ژن

دیمەنی خۆر لە وەختی ئاوابووندا
تریفەی مانگ لە کانییەکی ڕووندا

تاڵەتیشکی هەتاوی سەر ڕووی شەونم
تاک تاک گوڵی ئاڵی ناو پەڵەگەنم

لەرینەوەی پەڕەی گوڵ بە شنەی با
پەپوولە و گوڵ کاتی ڕاز و سکاڵا

خەرمانە و مانگ، پەلکەزێڕینە و بەهار
ماڵئاوایی گەڵای زەرد لە لقی دار

ئەگەرچی ئەفسوونی ئەو دیمەنانە
قەفەزی مەلی سەرنجی ئینسانە

بەڵام هیچ دیمەنێ جوان نییە هێندەی
لەرینەوەی ئەو جووتە مەمکە توندەی

کام دیمەنە وەک بزەی لێوی ئاڵی
دەتباتەوە بۆ سەردەمی منداڵی؟

پرشنگی کام ئەستێرەی بەر بەیانی
گەشترێکە لە تیشکی چاوەکانی؟

دەشت و چیا، چەم و کانی، با جوان بن
بەڵام دەستیان ناگاتە داوێنی ژن.

١٩٦٩

## خۆر و ئاونگ

١

هەزار و یەک سوپاس ئەی ژن!
ئەگەر شیعرێکی هێمنم ئەفراندبێ،
زادەی هەڵچوونی تۆ بووە.

٢

نە ئەو ژنانەم خۆش دەوێ
کە چەندان پیاویان ناسیوە،
نە ئەو پەیڤانەی ئامێزی
دەیان ڕستەیان بینیوە.

٣

دژی داب و نەریتی باو،

وەستامەوە،

دژی هێزی زێڕ و دراو،

وەستامەوە،

دژی تاجی دەسەڵات و

هەژموونی پیاو،

وەستامەوە،

دژی ڕەوتی زێ مەلەم کرد،

تەنیا لە بارەگای ژندا

کوڕنووشم برد.

٤

ئەگەر ئافرەت

ئینسانێک بووایە ناتەواو،

مریەمی پاکیزە عیسای

قەت نەدەبوو

بێ ماچی پیاو.

٥

تکایە هێندەت خۆش نەوێم،

نەبادا

لە پڕ بکوژرێم.

٦

ئەگەر ژنێ
دەبوو بە میوانی خەونم،
باسکیم دەکرد بە سەرین و
وام هەست دەکرد
پاشای کەونم.

٧

کتێبی جوان!

گەر تۆ نەبای،

دەبووم بە شت

نەک بە ئینسان.

٨

تۆ هیچ خەمی منت نەبێ،
دڵدارە دلۆڤانەکەم،
لەنێو جەرگەی دۆزەخیشدا
بە وشەی جوان
بەهەشتێ بۆ خۆم چێ دەکەم.

٩

ترسم لە هیچ شتێ نییە،

لەوە نەبێ،

چرای نووسینم خامۆش بێ.

١٠

بەد لە خەندەی لێوی شیعرم،
حاڵیی مەبە!
کە هەر لە سەمای مەل دەچێ
بە دەم ژان و ئازاری سەربڕینەوە.

١١

ولاّتم له باڵ تەژییه و
فڕین
تێیدا قەدەغەیه،
پڕه له گەرووی زێڕین و
چڕین
تێیدا قەدەغەیه.

١٢

دریژترین شەڕی مێژوو
شەڕی من بوو لەگەڵ مردن،
بۆیە دەبوو
سازش لەگەڵ عەدەم بکەم.

١٣

دەزانیت کە شاتوویش هەر تووە،

بە خوێنی دڵداران سوور بووە!

١٤

قەت مەڵێ

لەم شەوە ئەنگوستە چاوەدا

ئاوێنە چ کەڵکێ دەبەخشێ؟

٢٠٠٧/١/١٤

## بێ ئەوین ژیان عومرێکە لە هیچ

ئەی زەوین!
تۆ لە دەوری خۆر دەگەڕێی،
من لە دەوری ژن.
ئەی ژن!
وەرە با نەفرەت لەم سەردەمە نەزۆکە بکەین،
کە ئاوسە بە نائومێدی.

ئەی خۆر!
چۆن ڕەشبین نەبم،
ئاخر دەفری ژیان سەرڕێژە لە تاریکی.
ئەی مەرگ!
وەرە با بە قومێک بتنۆشم،
تا چیتر ژیان گاڵتە بە ئاوەزم نەکا.
ئەی هاوڕێ!
وەرە با پشت بکەینە بەرەنگاربوونەوە،
ئاخر هەموو ڕێیەکان دەچنەوە سەر سازش.
ئەی بێدار!
وەرە با قووڵ بخەوین،
بێزارم لە پرخەی زەمەن.

ئەی شاعیر!
لەو گورگانە بترسە،
بە بەرگی بەرخەوە،
نێچیر دەگلێنن.
سڵ لەو میرغەزەبانە بکەوە!
بە دەستکێشی ئاوریشمینەوە،
شیر دەوەشێنن.
ئەی جەللاد!
شانازیی بەو گەردانەیەوە مەکە!
لە پێناویدا ملێکت پەڕاندووە،
دڵت بەو ئەنگوستیلەیە خۆش نەبێ،
قامکی دیلێکت بۆ قرتاندووە،
ئاخر هاکا کەوتییە بن
پاژنە ئاسنینەکانی ژیانەوە.

٢٠٠٧/٨/٢٤

## تامی ژیان

له ئامێزی گەرمی تۆدا،
خۆمم لێ دەبێ بە پاشا.

وا دەفکرم،
له باوەشتا،
نه پیر دەبم و نه دەمرم.

بێجگە لە دنیای بەرینی
ئامێزی تۆ،
شوێنێ نییە،
بە زێدی خۆمی بزانم،
دوور لە سینگ و
بەرۆکی پڕ لە سۆزی تۆ،
وێڵێکی بێ نیشتمانم.

من بەبێ تۆ
پەپوولەیەکم باڵسووتاو،
گەڵایەکم زەردهەڵگەڕاو.

تۆ لە کوانووی
ژیانی ساردوسڕمدا،
کەڵەپشکۆی،
ساڵانێکە بە نێو خوێنما
دێیت و دەڕۆی.

لەوساوە تۆم خۆش ویستووە،
تامی ژیانم کردووە.(*)

٢٠١١/١/١

(*) کەڵکم لە یەک دوو ڕستەی (یۆسا) وەرگرتوو.

## دەستنوێژی ئەوین

وەرە با خەمی دارستان
لە گەڵایەکی وەریودا
چڕ کەینەوە!
وەرە تینوویێتیی بیابان
لە سیمای دەنکە لمێکدا
هەست پێ بکەین!
وەرە با ژیننامەی بەهار
لە پەڕەی گوڵێ بپرسین!

وەرە لەسەر چلوورەیەک
مێژووی بەفر و بەستەڵەک بنووسینەوە!
وەرە لە ڕێی ناڵەی دڵۆپێ ئاوەوە
گوێ لە هاژەی ڕووبار بگرین!
وەرە هەموو ڕابردوومان
لە دێڕێکدا تۆمار بکەین!
وەرە چی دی
لە مەنفا ڕێ بزر نەکەین،
بچینەوە
لە خاکی وەتەندا ون بین!
وەرە خۆمان ساقی بین و
جەستەمان بکەین بە جام و
خوێنمان شەراب!
(وەرە بە خوێنی جەستەمان
دەستنوێژی ئەوین هەڵبگرین!)(*)

وەرە لە پێناوی عیشقا
سڵ لە مردن نەکەینەوە!
وەرە بە ڕێگەی ئەویندا
بەرەو هەواری حەقیقەت
بە ڕێ کەوین!
وەرە خۆمان لە تیشکێکدا
حەشار بدەین!
وەرە با ئەو ڕۆژەی دەمرین،
ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون بگێڕین!

(*) حەللاج.

## کچە بە دەستی سوورەوە

شیعری: یۆهان لودڤیک ڕۆنەبێری (١٨٠٤ – ١٨٧٤)

کچە بە دەستی سوورەوە
لە جێژووان گەڕایەوە،
دایکی پرسی:
کچم بە چی دەستت سووربوو؟
دایە گوڵەباخم چنی،
دڕکەکانی بە دەستما چوون.

*

کچە بە لێوی سوورەوە
لە جێژووان گەڕایەوە،
دایکی پرسی:
کچم بە چی لێوت سووربوو؟
تووتڕکم خوارد،
ئاوەکەی لێوی سوور کردم.

*

کچە بە ڕەنگی زەردەوە
لە جێژووان گەڕایەوە،
دایکی پرسی:
کچم بە چی ڕەنگت وا زەرد هەڵگەڕاوە؟
دایە گۆڕێ هەڵبکەنە،
لە ناویدا بمشارەوە و
لەسەر کێلەکەی بنووسە:
کاتێ بە دەستی سوورەوە گەڕایەوە
دەستی لەناو دەستی دڵدارەکەیدا سوور هەڵگەڕابوو،
کاتێ بە لێوی سوورەوە گەڕایەوە
لێوی لەژێر لێوی دڵدارەکەیدا سوور هەڵگەڕابوو،
کاتێ بە ڕەنگی زەردەوە گەڕایەوە
باوەڕی بە خۆشەویستەکەی نەمابوو.

## پێڕست


هونەری شیعرنووسین ........ 5

زەبری ئەوین ........ 8

گوێ لەئامۆژگاری مەگرە! ........ 11

پەیامێکی ئاگرین ........ 23

ئەوینێکی خودایی ........ 25

ئەوەندەی ژمارەی شەونم ........ 27

قەدەر ........ 32

بۆ ژنێکی لەچکدار ........ 35

چۆن دڵت هات؟ ........ 37

سۆزی ئاو ........ 39

نهێنیی ئەوین ........ 42

شارێکی چۆڵ ........ 45

بێجگە لە تۆ ........ 48

ژووانێک لە خەوندا ........ 52

پشکۆی ژەنگگرتوو ........ 70

شەرابی ئەوین ........ 74

دەسەڵاتی ئەوین ........ 80

بەعسی ........ 96

ژن ........ 97

خۆر و ئاونگ ........ 100

بێ ئەوین ژیان عومرێکە لە هیچ ........ 114

تامی ژیان ........ 117
دەستنوێژی ئەوین ........ 120
کچە بە دەستی سوورەوە ........ 123